# ئاماژە ترسناکەکانی مەزهەب ! ؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ئەگەر تێکشکاندنی سەددام و ناوەندە ئایدۆلۆژی و بنەماڵەییەکەی تێکشکاندنێکی عەفەوی بێت بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێك بەهای ئابوری و بەرژەوەندخوازانە لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە ئەوا هەڵەیەکەو کراوەو ئەبێت هەر ساتێك چاوەروانی(مرکز) ناوەندی تر بین و دواجار ئەمریکاش خۆی باجەکەی بدات، دوورنیە ئەمجارە لەجێی ئەو مەرکەزیەتە جۆرێك لە پەیرەوکردنی کولتوری مەزهەبیانەبێت لە عیراقدا ئەگەر بێت و ئێمە سازش لەو بەهایانەی ئازادی عیراق بکەین کە دەستمانکەوت، وە دیسان ئێمە چەمکی پێکەوەژیانمان بیربچێتەوەو نەزانین لەدوێنێدا لە چ دۆزەخێکدا ئەژیاین، واتە ئەبێت ئێمە باوەر بەوە بهێنین کە پرۆسەی ئازادی لە 9ی نیسانی 2003 پرۆسەی هەڵوەشانەوەی سەنتەرو بریارە تاك رەهەندەکان بوو، چونکە گەر ئەو باوەرە دروست نەبێت ئەوا هەمیشە ئەبێت چاوەروانی سەر دەرهێنانی هەژمونێك بین لە عیراقدا وەك مەرکەزیەتی بریاردەروئازاردەر کە لە سەدەی رابردودا بینیمان جارێك بەناوی پاشایەتیەوەو جارێك بەناوی کۆمارییەوەو جارێك ئایدۆلۆژیای بەعسی و نەتەوە پەرستەکان و جارێکی تریش مەزهەبگەراکان !؟ کە سەرجەمیان لە خاڵێکی نەگۆردا هاوبەش بوون و ئەگەشتنەوە بەیەك ئەویش تاکرەوی و دیکتاتۆریەتە لە مامەڵەدا، واتە هەمیشە هێزی گۆران لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیان رەد ئەکەنەوە هەربۆیە لە فەرهەنگی سیاسیدا بەوجۆرە فیکرو سیستم و دەسەڵاتانە ئەوترێت ( دۆگماتیزم ) و بیر نەگۆرو بەستەڵەك، ئەمەش وەك مومارەسە دیارە زەنگێکی ترسناکە بۆ ئایندەی عیراق، چونکە عیراق خاوەنی فرە ییەکە لەدەنگ و رەگەزو نەتەوەو فکرو مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان و هەموو ساتێك ئاتاجی بە گۆرانکارییە.

تا ئەم ساتەوەختە ئەگەر گۆرانێکی تەکنیکی و هەژێنەر رویدابێت لە کۆی پێکهاتە سیاسییەکانی عیراق و کۆی فۆرمە دەوڵەتی و حزبیەکانیشی گۆریبێت وە ئێمەی تاکی کوردو عیراقیش هەست بەو گەرمایی گۆرانە بکەین، ئەوا ئەبێت باوەریش بەوە بهێنین کە تائێستا ئەو گۆرانە ریشەییە لە فکری عەرەبی ناسیۆنالیزمی مۆراڵ شۆڤێنیدا روینەداوە بەرانبەر بەکورد، وەك نەتەوەو وەك نیشتیمانی داگیرکراو، زەمینەیەکی لەبار و تەندروست هەیە بۆ سەردەرهێنانی بیرۆکەیەك تا عیراق بە پلەکانەکانی ناوەندێتیدا سەربخاتەوەو ئەم تێزەش وەك ختوکەدانێکی هەڵە زۆر جار خودی دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریکی پەیرەوی ئەکەن ، ئەگینا ئەو هەموو موجامەلاتە ناتەندروستانە بۆ هەستانە سەرپێی بیرێکی تر بۆ بەسەنتەرکردنەوەی بەغداو دوو بارە پێدانەوەی قودسیەت و ئەفسانە بەو شارە تا لەگەڵ دەستە خوشکی دوشمنی دوێنێ و دۆستی ئەمرۆدا کە واشنتۆنە بکەونەوە موغازەلەی بێتام بۆ سەرلەنوێ مەرکەزیەتی تاکرەهەند وەك چۆن لە وولاتە عەرەبیەکاندا بەرقەرارەو یەك کەس بەناوی هەموو عەرەبەوە ئەکەوێتە لێدوان و موغازەلە لە گەڵ واشنتۆندا.

شیعەی موحافیزکاری عیراقی زۆر سەر سەختانە لە هەوڵی دانانی ئەو بناغە توندە ئایدۆلۆژیە سیاسیەدان تا لە داهاتوودا هەوڵی ریفۆرمی تێدا بەرتەسك بکەنەوەو لەم سەرەتایەشەوە دەیانەوێت گۆڵی خۆیان بکەن ئەمریکاش تا ئێستا بێدەنگە، وەك چۆن لە شۆرشی ئینقیلابی ئیسلامی ئێراندا لە سەرەتای هەشتاکاندا بینیمان کە چۆن ئایەتوللا ئیمام خومەینی وەك مەرجەعیەتێکی رۆحی و توند بینای کردولە چوارچێوەی دەستورو مەجلیسێکدا چەسپاندی، لەگەڵ کۆی ئەو تێبینیانەی کە ئەوترێت عیراق ئێران نیەو ئەو پرۆسەی کۆپیکردنەش گەلێك زەحمەتە بەڵام ئینکاری لەوە ناکرێت کە ئەو خەونە ئەوەتانێ لە نێو یادەوەری هەر تاکێکی شیعەدا، ئەگەرچی لەم نێوانەدا من باوەرم وایە کۆی شیعەکانی عیراقیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە عیراق نەترازێنن لەو سێنترالْ و مەرکەزیەتەی خۆی ئەگەرچی ئەمجارەیان مەرکەزیەتەکەش مەرکەزیەتێکی مەزهەبیش بێت، ئەمە لەکاتێکیشدایە کە لە هەڵبژاردن و لە پەرلەمانی عیراقیدا سونە بەشداری نەکردوەو دەکرێت کوتلەی سونەش وەك هێزی دووەمی مەزهەبی ناوبەرین هەرچەندە وەکو ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوتوەو لەحاڵەتی دەرکەوتنیشدا لە پەرلەمانی داهاتوو رەنگە بەوهێزەوە نەتوانێت بێتە رکابەری سەرسەخت بۆ شیعەی دەسەڵاتدار تا رێ بگیرێت لە دەستورێکی ئاینی و دەسەڵاتێك کە مەزهەب رەنگی بکات.

بەڵام تاکی عیراقی چ جۆرە عیراقێکی ئەوێت ؟ عیراقێکی مەزهەبی یان دیموکراتی سیکولار؟! کە دواجار تاك لەرێگەی عەقلانیەت و هێزی فکری خۆیەوە بتوانێت مومارەسەی سیاسەت و ئیدارەو دەوڵەت و کۆی دەسەڵاتەکان بکات نەك لەرێگەی تەشریعێکی نەگۆروهێزی کۆنکرێتیانەوە، دیارە بەئاینکردنەوەو بە مەزهەبکردن مانای ئەوە ناگەیەنێت کە منی سونی یان مەسیحی یان صابیئی ببینە شیعە، بەڵکو ئەو مەزهەبکردنە رەنگ ئەداتەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی سیاسیەکەدا (سۆسیۆپلیتیك) کە دواجار کاریگەری خۆی ئەبێت بەسەر بریارەکانی دەوڵەت و نوسینەوەو دەستکاریکردنی دەستورو تەشخیسکردنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت ، ئیتر داواکردنی مافیش بۆ

گەلێکی کورد کە تواندنەوەو پاکتاوکردن و کارەساتەکان بەرانبەری لەبەر ئەوە نەبوە کە سوننە یان شیعە بوە بەڵکە لەبەر ئەوە بوە کە کوردەو خاوەنی خاکی خۆیەتی  و بە زمان و شێوەزاری خۆی دەئاخڤێ و ئەوەندەی کێشەی شوناسی نەتەوایەتی هەبوەو تائێستاش هەر هەیەتی ئەوەندە کێشەی مەزهەبی و ئاینی نەبوە بۆیە نابێت رازی بێت بەوەی کە خۆی بخاتە ئەو گێژاوە سیاسیە مەزهەبییەو ئەو مەعمەعە ئاڵۆزەوە کە دەشێت خەونی سەربەخۆی و شوناسە راستەقینەکەی بیر بباتەوە و دواجاریش بچێتەوە ژێر هەژمونێکی دیکەوە، دواجار من ئەگەر قسەیەك هەبێت بیکەم ئەوەیە کە مەحاڵە خەونی دیموکراسییەت گەشە بکات لە پاڵ بیرۆکەی بەمەزهەبکردنی عیراق و وەئەگەر دیموکراسیەتیش گەشە نەکات مەحاڵە کورد وەکو گەل و نەتەوە گەشە بکات، ئەگەر بیشی کات گەشەیەکی کاتی و بەرتەسك ئەبێت کە خەونی نەتەوەییمان تێر ئاو ناکات ئەمەش خەتەری ئایندەیە.